سەماحەتی حەکیم لە شۆکی ڕەمزانیدا: یەکپارچەیی عێراق و سەروەری دووپات دەکاتەوە و داوای بڕشداریەکی بەرفراوانی ولاتانی عەرەبی لە لووتکەی داهاتوو دەکات

بڕیار عەمار حەکیم سەرۆك هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لە شۆکی ڕەمزانیدا لە (سالانی ماڵی عێراقی) باسی گرنگی پتەوکردنی سەقامگیری ئەمنی و سیاسی و کەمڵایەتی کرد لە عێراق و گوتی ئەو پشهاتە ئەرێنیانەی پەیوەندیەکانی عێراق لەگەڵ دەوروبەری عەرەبی و و هەرەمیی و نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەو جووڵەیەی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپیدان دەبێت هەکای باشبوونی دەخی ولات.

سەماحەتی حەکیم نیگەرانیی خۆی خستە ڕوو سەبارەت بە پەرەسەندنی دەستدرێژیەکانی ئیسرائیل بە سەر لوبنان و غەزە و سووریا و دووپاتی کردەوە کە عیراق بە گەورەکردن و بە بەبە هەند وەرگرتن مامەڵەگەڵ ئەکبابرییە هەرەمی و نێودەوڵەتیەکان دەکات، گوتیشی گروپە عێراقیەکان پابەندن بە شەرمەزار نەکدنی حکومەت و خەڵکی سەرکی ئەوان و مەژوویان ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و پێویستە هەمیشە بەرژەوەندی نیشتمانی بە دروستبوونی بیار بادەست بێت.

سەماحەتی جەختی لەوە کردەوە کە عێراق وەاتکی فرە چەشنە و بەڕێوەبردن و بیاردانەکی خەنگدانەوەی ئەم فرەییە دەبێت و ئەز لە مافی پێکهاتەکان دەگرێت بە داواکردنی نوێنرایەتییەکی دادپەروەرانە لە چوارچێوەی دەستوور و یەک نیشتماندا، هەروەها داوای بڕشداری بەر فراوانی ولاتە عەرەبەکانی کرد لە لووتکەی عەرەبی کە بەغدا میوانداریی دەکات بە بەرزکردنەوەی بەهای ئەخلاقی و تیشک خستنە سەر ئەی عێراق لە ناوچەکەدا، ئەو دەسەیش پشتر تەوەری سەرکی بووە لە دیداری سەرکردە عەرەبەکان.

بڕیزحەکیم جەختی لەسەر گرنگی چوارچێوەی هەماهەنگی وەک پێویستیەکی نیشتمانی کردەوە و ئاماژەی بەوەدا کە سەقامگیریەکەی خەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر سەقامگیری هاوپەیمانی حکومەت و وڵات بەگشتی هەیە، هەروەها داوای لە سەرجەم لایەنە سیاسیەکان کرد بە بزووتنەوەی سەدرەوە چالاکانە بڕشداری هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بکەن و گوتی " ئامادەنبوونی هەر پارتێک وەک زیانەکە بە وڵات."

سەبارەت بە یاسای هەڵبژاردن، سەماحەتی حەکیم ڕوونیکردەوە کە هاوپەیمانێتیەکە پشتگیری لە سیستەمێک دەکات کە هانی فرە لیستەکان دەدات و جەختی لەوە کردەوە کە هاوپەیمانی هێزەکانی دەوڵەت لەگەڵ هاوپەیمانەکانی بەردەوام دەبێت لە پڕۆسەی، هەروەها ستایشی پەیوەندیەکانی عێراقی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و جیهان کرد و گەڵانەوەی کەمپانیا بیانیەکانی بە بڵگەی متمانەی کەمەگەی نێودەوڵەتی بە داهاتووی عێراق وەسفکرد.

لە کۆتایدا سەماحەتی حەکیم داوای یەک هەڵوەستی عێراقی کرد لەبەرامبەر ئاستەنگەکان و پشتیوانی خۆی بە سەقامگیری سوریا وبڕشداری کردنی سەرجەم پێکهاتەکانی لە بنیاتنانی ئایندەی وڵاتەکە دا دە ربڕی، هەروەها هەر هەموارکردنێکی دەستووری ڕەتکردەوە کە لایەن زۆرینەی دەنگدەرانەوە سەپێنرابێت و جەختی لەوە کردەوە کە دەبێت دەستوور ببەستە پەناگایەک بە کەدەنگی نیشتمانی، لە کۆتایدا جەختی کرد کە قسەکردن لەسەر پێکهێنانی هەرەم لە ئەستادا "نەگونجاوە"، هەرچەندە مافێکی دەستوورییە، و داوای جەختکردنەوە لەسەر بەهێزکردنی یەکێتی نیشتمانی کرد بە ئامادەکاری بە هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو.